# کتێبخانەی گشتیی ڤانکۆڤەر
# هونەرێکی جوان لە تەلارسازیو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند لە مەعریفە

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)، ڤانکۆڤەر – کەنەدا

ڤانکۆڤەر سێهەم گەورەترین شارە کە کەوتۆتە هەرێمی بریتیش کۆلۆمبیا لە خۆرئاوای کەنەدا. ژمارەی دانیشتوانی شارەوانی ڤانکۆڤەر بەپێی سەرژمێری فەرمی ساڵی ٢٠٠٦ دەگاتە ٥٧٨,٠٤١ و ژمارەی دانیشتوانی ڤانکۆڤەری گەورەش ٢,١١٦,٥٨١ کەسە. شاری ڤانکۆڤەر خاوەنی کتێبخانەیەکی گشتی گەورەیە کە بەکتێبخانەی ناوەندی ڤانکۆڤەر ناسراوە. ئەم کتێبخانەیە لەساڵی ١٨٦٩ دامەزراوە.کتێبخانەکە تا ساڵی ١٩٩٥ لەباڵەخانە کۆنەکەی خۆی بوو کە نەدەگونجا لەگەڵ ژمارەی مەتریاڵەکانو قەبارەی خوێنەرانو هاموشۆکەرانی. بۆ دروستکردنی ئەم کتێبخانەیە لە ساڵی ١٩٩٠ ریفراندۆمێك کراو ٦٩٪ ی بەشدار بووانی ئەو ریفراندۆمە دەنگیان بە بەڵێدا بۆ دروستکردنی باڵەخانەیەکی نوێ بۆ کتێبخانەی گشتیی ڤانکۆڤەر.

ئەوە بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٣ دەستکرا بەدروستکردنی ئەو کتێبخانەیەو لە ٢٦ ی ئایاری ١٩٩٥ تەواو بوو. تێکرای تێچوونی ئەم کتێبخانەیە ١٠٦,٨ ملیۆن دۆلاری کەنەدی بووە. لەژێرزەمینی ئەم کتێبخانەیە ٧٠٠ شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل هەیە ئەمە جگە لە جێگاگەلێکی زۆر بۆ راگرتنی باسکیلو رێگای تایبەت بۆ کەمئەندامان. شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل بەخۆڕایی نییە. ئەم کتێبخانەیە لەباڵەخانەیەکی نیمچە بازنەییدایە کە هونەری دیزاینو نەخشەسازییەکەی لە هونەری تەلارسازی کۆنی ئیتاڵیاوە نزیکە. کتێبخانەی ناوەندی ڤانکۆڤەر لە نۆ نهۆم پێکهاتووە. حەوت نهۆمی کتێبخانەکەیەو نهۆمی هەشتەمو نۆیەم لەلایەن حکومەتی بریتیش کۆلۆمبیاوە بەگرێبەستێك بەکرێگیراوە بۆ نووسینگەی حکومەت بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ. کە بڕیارە لەدوای تەواو بوونی ئەو گرێبەستە کتێبخانەکە فراوانتر بکرێتەوەو نهۆمەکانی هەشتەمو نۆیەمیش بکرێنە کتێبخانە. سەربانی کتێبخانەکە سەوزاییو دارو باخچەیە کە کراوە نییە بەڕووی خەڵکدا. کتێبخانەی گشتیی ڤانکۆڤەر ٢٢ لقی لەناو گەڕەکەکانی شاری ڤانکۆڤەردا هەیە. ئەم کتێبخانەیە لەسەر رووبەری ٣٥,١٥٠ مەتر دووجا بنیاد نراوە. لەم رووبەرە ٣٢,٢٣٦ مەتر دووجا لەلایەن کتێبخانەوە بەکار ئەهێنرێت. لەناو ئەم کتێبخانەیەدا نزیك بەملیۆنێكو سێسەد هەزار مەتریاڵی تێدایە بەم شێوەیەی خوارەوە :

کتێب : ١,٢٣٧,٨٠٧ — شریتی ڤیدیۆ : ٢٧,٩٣١ —دی ڤی دی : ١٢,١٥٢ —کۆمپاکت دیسك : ١٥,٤١٨

لەناو کتێبخانەی ڤانکۆڤەر ١٢٠٠ کورسی هەیە، ئەمە سەرباری بوونی ٤٣١ کۆمپیوتەر تا هاموشۆکەران بتوانن بەخۆڕایی بەکاری بهێننو ئەو کۆمپیتەرانەش هەموو بەهێڵی ئینتەرنێتەوە بەستراونەتەوە. لەهەر نهۆمێکی ئەو کتێبخانەیەدا ئەم خزمەتگوزارییانەی تێدایە :

١- کۆمپیوتەر: بۆ بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بەخۆڕایی پێویستە کارتی کتێبخانەت هەبێ. بەدەستهێنانی ئەو کارتەش ئاسانو بەخۆڕاییە. ئەم خزمەتگوزارییە لە گشت نهۆمەکاندا هەیە، بێ تەل (وایەرلێس) بەخۆڕاییە.

٢- چاپگەر (پرنتەر): کەوتۆتە نهۆمەکانی دووەمو سێیەمو چوارەمو پێنجەمو شەشەمو بەخۆڕایی نییە

٣- وێنەی دەقاودەق (فۆتۆکۆپی): بەخۆڕایی نییە.

٤- دۆلاب: کەوتۆتە نهۆمی حەوتەمو بەخۆڕایی نییە.

٥- فاکس: بەخۆڕایی نییەو کەوتۆتە نهۆمی چوارەمەوە.

٦- تەلەفۆنی گشتی: کەوتۆتە نهۆمەکانی دووەمو سێیەمو چوارەمو پێنجەمو شەشەمو بەخۆڕایی نییە.

٧- پارە وردکەرەوە: بەخۆڕاییە لەنهۆمەکانی دووەمو چوارەمو پێنجەمدا هەیە.

٨- دەروازەی گێڕانەوەی مەتریاڵ. بەشێوەیەك دیزاین کراوە کە لەدەرەوەی کتێبخانەکەوە لەڕێگەی ئەو دەروازەیەوە مەتریاڵەکان دەچنەوە شوێنی تایبەت. ئەم خزمەتگوزارییە شەو و ڕۆژ بە بەردەوامیو بەخۆڕایی لەخزمەتی خەڵکدایە. ئەم دەروازەیە لە شێوەی سندوقێکی ئاسنەو سەرەکەی هەڵدەدەیتەوەو کتێبو مەتریالەکانی تێ دەهاویو ئیتر ئەو مەتریالانە بەلولەکی ناو باڵەخانەکە دەگەنە شوێنی مەبەست.

کتێبخانەکە دوو بەرزکەرەوە ( مصعدە)ی تێدایە بۆ ئاسانکاری چوونە سەرەوەو هاتنە خوارەوەی هاموشۆکەرانی بەتایبەتی بۆ پیرو منداڵو کەمئەندامانو خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان، ئەمە جگە لە پەیژەی کارەبایی لە نهۆمی دووەمەوە تا نهۆمی حەوتەم. هەروەها گەلێ خزمەتگوزاری تری تێدایە بۆ یارمەتیو ئاسانکاری خەڵك لەوانە بوونی نەخشەی مانگانەی هێڵی پاسەکانی ناو میترۆی ڤانکۆڤەر، بوونی نەخشەی شارو شارۆچکەکانو وڵات، شوێنی تایبەت بۆ گەڕانو دۆزینەوەی هەلی کارکردن. ئاوی خواردنەوە لە نهۆمی دووەمەوە تا نهۆمی شەشەم. شوێنی پشوو و چوونە سەرئاو لەگشت نهۆمەکان تەنها نهۆمی حەوتەم نەبێت، ئەم خزمەتگوزارییانە هەموو بەخۆراین. سەرباری ئەمانەش لە ناو کتێبخانەی ڤانکۆڤەر ژووری کۆبوونەوەی شەش تا هەشت کەسی هەیەو دیوارەکانی شووشەیەو بەخۆڕاییە. کێ زوو بیگرێت بۆ ئەو ئەبێت. ئەمەش لەڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەتەوە ئەبێت بەتایبەتی لەلای کۆشکی زانیاری کتێبخانەکە (Information Desk). ژوورەکانی گەلەری کتێبخانەکە بۆ ماوەی دوو سەعات بەخۆڕاییە. ئەمەش بەپڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت ئەبێت.



**کتێبخانەی گشتیی ڤانکۆڤەر لەم بەشە سەرەکییانە پێکهاتووە :**

یەك : بەشی بازرگانیو ئابووری کەوتۆتە نهۆمی چوارەم، ئەم بەشە گەورەترین بەشی مەتریاڵی بازرگانیو ئابوورییە لە تەواوی هەرێمی بریتیش کۆلۆمبیا کە ئەم بوارانە دەگرێتەوە :

رابەرنامەی بازرگانیو راپۆرتی ساڵانە، کارو هەلی کارکردنو بازاڕی کار، کاروباری بازرگانی بچووك، زانیارییەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت.

دوو : بەشی منداڵان کەوتۆتە نهۆمی یەکەم. ئەم بەشەش گەورەترین بەشە لە هەرێمی بریتیش کۆلۆمبیاو زۆرترین مەتریاڵی منداڵانی لەخۆ گرتووە. لەم بەشە زیاتر لە ٨٠,٠٠٠ کتێب ئەمە جگە لە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە مەتریاڵی بینینو بیستن وەك سی دی گۆرانیو دی ڤی دیو سی دی رام. لەم بەشەدا کتێبی رەنگاوڕەنگو کتێبی کەنەدیو مەتریاڵی فرەکلتوریو داستانی میللیو ئەفسانەیی هەن. ئەم بەشە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی مەتریاڵی ئەدەبی منداڵانو نووسەرانو وێنەکێشی منداڵانو منداڵانی خوێنەرو نووسەرو حیکایەتخوانو فۆلکلۆرە. هەروەها سەرچاوەیەکیشە بۆ زانینی جۆرو ساڵی خەڵاتکردنی نووسەرانی منداڵان. لەبواری پەروەردەییشەوە کتێبو ڤیدیۆو دی ڤی دی لەبەردەستدان. لەڕووی مێژوویيشەوە شوێنیکی تایبەت هەیە بۆ کتێبی منداڵانی لە رابردوو نووسراو ( کتێبی منداڵانی سەدەیەك یان زیاتر لەمەوپێش نووسراو). لەم بەشە پێڕستو سەرچاوەکان بەم جۆرەن :

کتێبی وێنەداری منداڵان لە ئەلیفەوە تا یا، پێڕستی رانانی کتێبی منداڵان، فایلی لیستی کتێبی منداڵان، کتێبی چاپکراوی منداڵان، چاوپێداخشاندنەوەی ئەدەبی منداڵان، رابەری گۆڤاری منداڵان، پێڕستی شیعری منداڵانو هەرزەکاران، فایلی نووسەرانو پرۆفیشناڵان، دەربارەی نووسەرانی منداڵان، سەرچاوەکانی حیکایەتخوان.

سێ : بەشی مۆسیقاو هونەر کەوتۆتە نهۆمی شەشەم. ئەم بەشە سەرچاوەیەکی کلتوری گرنگە. زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ سەرچاوەو ٤٠٠ وەرزنامەو ٣٥٠٠ ڤیدیۆو ١٨٠٠ دی ڤی دیو ٥٠٠٠ دیسکی مۆسیقاو ١٢٠٠ شریتی مۆسیقای لێیە. هەر لەبەشی مۆسیقا ١٠,٠٠٠ کتێبی گۆرانیو کتێب لەسەر ئامێرە مۆسیقییەکانو مۆسیقای کلاسیكو ئۆپەرێتو فێربوونی مۆسیقای تێدا پارێزراوە. ئەم بەشە ئەم بوارانە ئەگرێتەوە : سەرجەم هونەرەکان، تەلارسازی، نەخشەی شار، سەما، هونەری دیکۆر، هونەری شێوەکاری، هونەری گرافیكو کۆمپیوتەر، پیشەی دەستی، دیزاینی باخچە، مۆسیقا ، وێنەو فلیمو ڤیدیۆ. هەڵگرتنی هەواڵی هونەرمەندانی کەنەدیو بریتیش کۆلۆمبیا. هەڵگرتنی زیاتر لە یەك ملیۆن وێنەی ناو گۆڤارەکان.

**پێڕستە ناوخۆییەکان وەکو :**

١- پێڕستی ناونیشانی گۆرانییەکان: زیاتر لە ١٢٠,٠٠٠ گۆرانی منداڵانو فۆلکلۆریو ترادیسیۆنی تێدا پارێزراوە.

٢- پێڕستی هونەرمەندانی کەنەدی.

٣- لێکردنەوەو هەڵگرتنی سەر رووپەڕی رۆژنامەکان دەربارەی کۆڕە کلتورییەکانی ڤانکۆڤەرو بریتیش کۆلۆمبیا.

**پێڕستە چاپکراوەکانیش ئەمانەن :**

پێڕستی هونەرمەندانی تەلارسازی ١٩٦١– تا ئەمڕۆ، پێڕستی هونەر ١٩٢٩ — ١٩٩٨، پێڕستی فرۆشتنی تابلۆی هونەری ١٩٧٤ — ١٩٩٧، هونەری مۆدێرنی نووسینەوەی ژیاننامە – بایۆگراڤ ١٩٧٠ — ١٩٩٣ ، پێڕستی فرۆشتنی تابلۆی هونەری کەنەدی ١٩٧٧ — تا ئێستا، پێڕستی فلیمی ئەدەبی ١٩٧٣ — تا ئێستا، پێڕستی وەرزنامەی نێونەتەوەیی بۆ فلیم ١٩٧٤ — تا ئێستا، رانانی میدیای وەرگرتن ١٩٩١ — تا ئێستا.

چوار : بەشی مێژوو و دەوڵەت کەوتۆتە نهۆمی شەشەم، ئەم بەشە دەوڵەمەندە لەسەرچاوەو کتێب. لەم بەشە ١٣٦,٠٠٠ کتێبو سەرچاوەو هەروەها کتێب لەسەر سی دیو شریتو دی ڤی دیو سەدان دەستنووسو هەزاران مایکرۆفۆرم هەن. ئەم بەشە ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت :

مرۆڤە سەرەتاییەکانی کەنەدا، مێژووی کۆنو چاخەکانی ناوەڕاستو نوێ، ئارکیۆلۆژی (شوێنەوارزانی)، بوون بەهاووڵاتی، بایۆگراف. ژیاننامە، رووداوە هەنووکەییەکان، جینۆلۆجی (زانستی نەسەب)، جوگرافیا، زانستی دروشمە سەربازییەکان، مافەکانی مرۆڤ، کۆچو کۆچباری، پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، یاسا، نەخشەو ئەتڵەسەکان، زانستی سەربازی، پارکەکان، زانستی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی، گەشتو گوزار، مێژووی جیهان.

ئەم بەشە دابەشبووە بەسەر حەوت شوێندا وەك : نەخشەو ئەتڵەسەکان، سەرچاوە جینۆلۆژییەکان، سەرچاوە یاساییەکان، دۆکیمێنتی حکومی، رێنمایی گەشتو گوزار، وەرزنامەکان، بەرهەمەکانی سی دی رام CD-ROM . پێڕستەکانی ئەم بەشەش بەم جۆرەن :

١- پێڕستی نووسینی ژیاننامە – بایۆگراف ١٩٤٩ — تا ئێستا.

٢- پێڕستی پەیڕەوی ناوخۆی شارەوانی ڤانکۆڤەر.

٣- وەرزنامەی ئەدەبی کەنەدی رێپێدراو ١٩٧١ — ٢٠٠٣.

٤- وەرزنامە رێپێدراوەکان ١٩٥٢ — ٢٠٠١.

٥- بیبلیۆگرافیای نێونەتەوەیی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ١٩٧٢ — ٢٠٠٢ .

٦- پێڕستی ناشناڵ جیوگراف(جوگرافیای میللی) ١٨٨٨– ١٩٨٨ ، ١٩٨٩ – ١٩٩٣ ، ١٩٩٤ ، ١٩٩٥ ، ١٩٩٦ ، ١٩٩٧ ، ٢٠٠٠.

پێنج : بەشی زمانو ئەدەب کەوتۆتە نهۆمی سێیەم .لەم بەشەدا مەتریاڵێکی زۆر ئەدەبی جیهانیو فێربوونی زمانو دەستنووسی شانۆگەری تێدایەو چوار لقی هەیە وەك :

ژووری کەنەدیانا، رەخنەی ئەدەبی، شانۆگەری، سەرچاوەکانی نووسەران.

شەش : بەشی جووت زمانی کەوتۆتە نهۆمی دووەم. لەم بەشە کەتایبەتە بەزمانە بیانییەکان وەك زمانەکانی فەڕەنسی، چینی، ئەڵمانی، هیندی، ئیتاڵی، یابانی، کۆری، فارسی، پۆڵەندی، پورتوگالی، پەنجابی، روسی، ئیسپانی، تەگالۆگ، ڤێتنامی.

حەوت : بەشی رۆژنامەو گۆڤار کەوتۆتە نهۆمی پێنجەم. زانیارییەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێتو بەشی هەواڵەکان دوو ئەرکی گرنگیان هەیە:

١- خستنە بەردەستی ئەو رۆژنامانەی کە تازە دەردەچن.

٢- خستە بەردەستی سندوقی ناوەندی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی کە پێشتر دەرچوونە.

**ئەم بەشەش بەسەر چەند جێگایەك دابەشبووە:**

١- رۆژنامەکان کە زیاتر لە ٤٥٠ رۆژنامە چ بەشێوەی چاپو چ بەشێوەی فۆرماتی ئەلەکترۆنی بەچەندین زمانی جیاواز کەلەچەندین وڵات دێنە وەشاندن.

٢- فایلی لێکردنەوەی رۆژنامەکان لە ١٩٥٠ — ٢٠٠٠.

٣- ئەو گۆڤارانەی زیاتر لە دووساڵە دەرچوونە.

٤- بەڵگەنامەکانی حکومەت – مایکرۆلۆگ.

٥- رابەرنامەی گۆڤارەکان.

٦- رابەرنامەی رۆژنامەکان.

٧- رابەرنامەی میدیاکان.

٨- رابەرنامەی کتێبە بازرگانییەکان.

٩- رۆژنامەو گۆڤارە بەخۆڕاییەکانی رەوەندەکانی میللەتە جیاوازەکان.

**پێڕستەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەیە :**

١- پێڕستی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئەلتەرناتیڤ ١٩٦٩ — تا ئێستا.

٢- پێڕستی رۆژنامەی ئەرشیفو خزمەتگوزارییە تۆمارکراوەکان ١٨٥٠ — ١٩٠٠ و ١٩٤٠ — ١٩٨٤ .

٣- پێڕستی رۆژنامەی کتێبخانەی یاسادانانی بریتیش کۆلۆمبیا ١٩٠٠ — ١٩١٠ و ١٩١٦ — ١٩٩٠ .

٤- پێڕستی وەرزنامە کەنەدییەکان ١٩٢٠ — ٢٠٠٢ .

٥- رێبەری خوێنەران بۆ وەرزنامە ئەدەبییەکان ١٨٩٠ — تا ئێستا.

پێڕستە ئەلیکترۆنییەکان لەژێر لیستی پێڕستی رۆژنامەکانو ماس میدیا دانراون.

هەشت : بەشی زانستو تەکنەلۆژیا کەوتۆتە نهۆمی یەکەم. ئەم بەشە هەردوو زانستی بەحتو تەتبیق دەگرێتەوە کەزیاتر لە ١٦٥,٠٠٠ سەرچاوەو کتێبی تەعمیمکراو سەدان وەزنامەو بڵاوکراوە حکومییەکانو بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکانی تێدایە. ئەمە جگە لەم جۆرانەی لای خوارەوەش :

١- تەندروستیی گشتی.

٢- کتێبی چێشت لێنان. ژمارەیەکی زۆر کتێبی چێشت لێنان کە سەرجەم جۆرەکانی خواردن دروستکردنی میللەتانی جیاجیا ئەگرێتەوە.

٣- زانیاری کڕیار. هەموو ئەو سەرچاوەو مەتریاڵانە لەخۆ ئەگرێت کەپەیوەستن بەرێژەو نرخو رێبەری فرۆشتنی ئۆتۆمبێلو ئامرازەکانی سەرگەرمکردنو کۆمپیوتەرو بەرنامەو پرۆگرامی کۆمپیوتەر(Software)و یاریکەڵەو ئامێرەکانی وەرزشو پێداویستییەکانی نووسینگە.

٤- کۆدەکان. کۆدەکانی ستانداری نەتەوەییو کەنەدیو هەرێماییەتیو شارەوانی باڵەخانەکان، کاری بۆڕی ئاو و گازو زێرابی ناوماڵو ئاگرو کارەبا.

٥- زانیارییەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت. کلیلی بەشداریکردن ئەمانەن : سەرجەم زانیارییەکانی سەر تۆڕی ئینتەرنێت، مەڵبەندی سەرچاوەی چاککردنی ئۆتۆمۆبێل، کتێبی زێڕین، تەندروستی تەواوی بەکاربەر، ئامادەکارییەکانی دەرمانخانەو تایبەتمەندێتی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، کۆدی بریتیش کۆلۆمبیا، کتێبە هەمیشە لەبەردەستەکان.

نۆ : بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان کەوتۆتە نهۆمی سێیەم. لەم بەشە ژمارەیەکی زۆر چاپکراو و مەتریاڵی بینینو بیستنی تێدایە دەربارەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانو وەرزشو یارییەکان. بابەتەکانی ئەم بەشە ئەمانەن : ئەنسرۆپۆلۆژی (مرۆڤناسی) کۆمەڵایەتیو کلتوری، زانستی تاوان، رۆشنبیری، دابو نەریت، فۆلکلۆرو ئەفسانە، خزمەتگوزاری تەندروستی، زانستی کتێبخانە، زەماوەندو خێزان، هزرو جەستە، مۆزەخانەکان، پاراسایکۆلۆژی، پەروەردەی منداڵ، فەلسەفە، ژمارەی دانیشتوان، سایکۆلۆژی، ئایین، ئاراستەی سێکسی، خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵناسی، وەرزشەکانو سەرگەرمی، ژنان.

**ئەمانەش بەسەر چوار جێگادا دابەش ئەبن کە ئەمانەن :**

١- سەرژمێری: فۆرمی سەرژمێری هەر لەساڵی ١٨٧١ وە تا ئەمڕۆ لەگەڵ تەواوی زانیارییە نوێیەکان دەربارەی سەرژمێری لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

٢- زانیاری دەربارەی زانکۆو کۆلێژەکان. رێبەری بەرنامەکانی خوێندنو رابەرنامەو خوێندنی باڵا لەگەڵ ساڵنامەی زۆربەی زانکۆو کۆلیژەکانی کەنەداو وڵاتانی جیهان.

٣- فایلی رەوەندە رێکخراوەکان. فایلی هەواڵنامە، راپۆرتی ساڵانە، بڵاوکراوە هەمەجۆرەکانی رێکخراوە ناوخۆییەکانو دامودەزگا کۆمەڵایەتییەکانو نەخۆشخانەو کۆلێژو زانکۆکان.

٤- تۆمارکردنو یاساکانی وەرزش. کتێبەکانی یاساو تۆمارکردنی وەرزشە هەمەجۆرەکان بۆ پرۆفیشناڵو ئارەزوومەندان.

دە بەشی تایبەت کەوتۆتە نهۆمی حەوتەم، ئەم بەشە تایبەتە بەمێژووی بریتیش کۆلۆمبیا، ماتریاڵەکانی ئەم بەشە لەسەر مێژوو و دۆزینەوەی بریتیش کۆلۆمبیاو کەنارەکانی باکوری خۆرئاواو مێژووی ڤانکۆڤەرو نەیتیڤەکانی بریتیش کۆلۆمبیاو ئەو گروپانەن کە لەسەر ئەو خاکە ژیاون. ئەمەش کتێبو نامیلکەو نەخشەو مایکرۆفیشو مایکرۆفلیمو دی ڤی دیو کاسێتی ڤیدیۆو شریتو سی دی رام. لەم بەشە ٢٤٠,٠٠٠ وێنەی رەشو سپی پارێزراوە کە دەربارەی روخساری ژیانە لە ١٨٦٠– ١٩٧٠ هەروەها ٩٠,٠٠٠ وێنەش لەبەردەستدان بۆ تەماشاکردن. رابەرنامەی شارەوانییەکانی ڤانکۆڤەر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لە ١٨٦٠ — ١٩١٥ و هەروەها لەسەر مایکرۆفلیمیش لە ١٨٦٠ — ٢٠٠١ پارێزراون. لە بەشی کتێبە دەگمەنەکانیش ئەو کتێبو گۆڤارو رۆژنامانە پارێزراون کەلەسەدەی هەژدەو نۆزدە نووسراونو بڵاو بوونەتەوە. لەبەشی ماریۆن تۆمسنیش ٣٦٠٠ کتێبی ئینگلیزی منداڵان لەسەر مێژوو هەنو لە بەشی جەی کەنەدیانیش ئەو کتێبە کەنەدییانە هەن کە بۆ منداڵانو مێردمنداڵان نووسراون لە ١٨٤٦ وە تا ئەمڕۆ.

یانزە : بەشی هەرزەکار کەوتۆتە نهۆمی دووەم. ئەم بەشە ژمارەیەکی زۆر رۆمانو گۆڤارو دی ڤی دیو سی دی هەن. رۆمانو مەتریاڵی کەنەدی لەم بەشەدا پشکی شێریان بەردەکەوێت. بەڵام بەشی فەڕەنسی زمانی ئەم بەشە بچووکەو نووسینو رۆمانو مەتریاڵی بینینو بیستنو گۆڤارو هەروەها تێکەڵکراوە لەگەڵ بەشە گەورەکانو بەشی زمان. زۆربەی ماتریاڵەکانی ئەم بەشە ئەدەبی مێرمنداڵانن. کتێبخانەی منداڵان ئەم پێڕستو سەرچاوانە لەخۆ ئەگرێت :

پێڕستی رۆمان بۆ خوێنەرانی دە ساڵان بۆ شانزە ساڵان، پێڕستی رۆمانی هەرزەکارانو پێگەیشتوانان، رێنیشاندەری خوێنەری گەنج، فایلی لیستی کتێبی هەرزەکاران، فایلی نووسەرانو پرۆفیشناڵان.

دوانزە : بەشی کتێبخانەی خوێندنەوەی بەربڵاو کەوتۆتە نهۆمی دووەم. لەم بەشە ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکی خەیاڵی گشتیو ژانری رۆمان وەك رۆمانی نهێنی ئامێز، خەیاڵی زانستی، خۆرئاوایی، و رۆمانی فەنتازیاو گرافیك. ئەمە بێجگە لە بایۆگراڤ، هەروەها مەتریاڵی بەربڵاو لە پرفرۆشترین بەرهەم لەسەر شێوەی کتێب، سی دی، MP3، دی ڤی دیو گۆڤار، بەرنامەی تەلەڤزیۆنو فیلم.

ئەم کتێبخانەیە هەفتەی حەوت رۆژ کراوەیە و ٣٩٥٠٠٠ ئەندامی هەیەو ساڵانە زیاتر لە نۆ ملیۆن شتی لێدەخوازرێت. بەدرێژایی ساڵیش کۆڕو سیمیناری تێدا دەگیرێت. لە باڵەخانەی کتێبخانە چەندین هۆڵی تێدایە کەدەتوانرێ هەندێك جار بەخۆراییو زۆربەی جاریش بەپارە کەڵکی لێوەردەگیرێ.

بەپێی ئاماری فەرمی کتێبخانەی گشتیی ڤانکۆڤەر لەساڵی ٢٠٠٩ دا رۆژانە ٢١,٣٣٣ کەس سەریان لە کتێبخانە داوەو ٣٥,٦٩٠مەتریاڵیان لێخواستووە(استعارە) کردووەو وەڵامی٣,٢٠٤ پرسیاریان داوەتەوە. هەر لەو ساڵە واتە ٢٠٠٩ دا ساڵانە ٩,٨٨٦,١٤٩ ماتریاڵ خواستراوەو ٥,٩٠٩,٣٧٦ کەس سەریان لە کتێبخانە داوە و ٢,٢٥٤,١٥٤ ماتریاڵ نۆبەی بۆ گیراوەو وەڵامی ٨٨٧,٥٧٠ پرسیار دراوەتەوەو ٦,٧٠١ بەرنامەی هەمەجۆریشی بەڕێوە بردووە. هەر بەپێی ئەو ئامارە فەرمییەو هەر لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ٦,٨٣٥ منداڵی قوتابخانە سەرەتاییەکانی ڤانکۆڤەر بەشداری یانەی هاوینانی خوێندنەوەیان کردوە لە کتێبخانەکە.

سەرباری ئەمانەش لەم کتێبخانەیەدا زیاتر لە ٧٠٠ کارمەندە کار ئەکەن، ئەمە جگە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر قاوەخانەو دوکانی خواردنی ئامادەکراو لەچوار دەوری کتێبخانەکە.

**سەرچاوە**

1-http://www.vpl.ca/branches/details/central_library

2-http://en.wikipedia.org/wiki/Vancouver_Public_Library

3- Vancouver Public Library. A self – Guided Architectural Tour



